سەید حەکیم پێشوازی لە باڵیۆزی ڕووسیا دەکات و گرنگی پتەوکردنی سەقامگیری ناوچەکە دووپاتدەکاتەوە



سەماحەتی سەید حەکیم، سەرۆکی هاوپەیمانیتی هێزەکانی دەوڵەتی نیشتمانی پێشوازی لە بەڕێز ئالیەکسەی کۆتراشۆف باڵیۆزی ڕووسیا لە عێراق کرد، لەم دیدارە باس لە پەیوەندی دوو قۆڵی بەغداد و مۆسکۆ و چۆنیەتی پتەوکردنی لێگەڵ تاوتوێکردنی دۆخی سیاسی عیراق و ناوچەکەی کرد.

سەماحەتی حەکیم بانگەشەی بۆ پێرەوکردنی زمانی گفتوگۆ دووپاتکردەوە بۆ چارەسەر کردنی کێشەکانی ناوچەکە و گوتیشی گرنگە بگەڕێنەوە بۆ یاسای نیو دەوڵەتی و شەرعیەتی نێو دەوڵەتی، هەروەها سەرکۆنەی خۆی دووپات کردەوە بۆ بڕدەوامبوونی دەستدرێژی ئیسرائیلی بۆ سەر غەزە و سەرسوڕمانی خۆی دەربڕی بۆهۆی بێدەنگی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لێئاست ئەو تاوانانەی دژەڕەق گەلی فەلەستینی ئەنجام دەدرێت.

سەماحەتی جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی ئەو سەقامگیرییەی عیراق لە ڕووی سیاسی و ئەمنی و کۆمەڵگەیی بەخۆیەوە بینیوە کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ سەقامگیری ناوچەکە و ئاوڕش پێویستی بەوەیە پتەوتر بکرێت و بچەسپێت و ئاماژەشی کرد کە هەڵبژاردنەکانی داهاتوو وەک دەروازەیەکی گرنگە بۆ بڕدەوام بوونی ئەو سەقامگیرییە بۆیە بەشداریکردن تێیدا زۆر گرنگە کە بەهۆشیاری و کاریگەری ئەنجامبدرێت.